# دەقئاوێزانی شانۆگەریی(بازرگانی ڤینیسیا) لە ڕۆمانی ( کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا

**عباس محمد قادر**

بەشی عەرەبی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی،سلیمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**—دەقئاوێزان، پەیوەندی نێوان دەقێکە بە دەقەکانی پێشخۆی و هاوچەرخییەوە، ئەو پەیوەندییەی کە خوێنەر پشتبەست بە ڕۆشنبیریی خۆی دەیدۆزێتەوە، لەڕوانگەی ئەم زانستەوە هیچ دەقێك بەبێ هەڵمژین و ڕەنگدانەوەی دەقەکانی پێشخۆی بەرهەمنایەت، ئەم توێژینەوەیەش کە هەوڵێکە بەمەبەستی دەرخستنی پەوەندیی و ڕەنگدانەوەی شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیای شکسپیر لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی بەختیار عەلیدا، کە لەچەندین دیمەن و دیالۆگی نێو ڕۆمانەکەی بەختیار عەلیدا، شانۆگەرییەکەی شکسپیر دەبینین، بەڵام نووسەر بەشێوازێکی داهێنەرانە بەکاریهێناون و دەقەکەی خۆی پێ دەوڵەمەندکردووە.

**کلیلە وشەکان:** دەقئاوێزان، شانۆگەری، ڕۆمان، کاراکتەر، دیالۆگ، دەق.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (دەقئاوێزانی شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیا لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) دایە، هەوڵێکە بەمەبەستی دەرخستنی ڕەنگدانەوەی شانۆگەریی (بازرگانی ڤینیسیا)ی (شکسپیر) لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە ەمگینەکان)ی (بەختیار عەلی) دا کەبەمەبەستی دەرخستنی ڕەنگدانەوەی دەقی یەکەم لە دەقی دووەمدا و گرنگی ئەم لایەنە لەبەرهەمهێنانی دەقێکدا ئەویش لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەو دیمەن و دیالۆگانەی کە لە دەقەکاندا و لەنێوان کاراکتەرەکاندا هەیە و زیاتر کارمان بە تێڕوانینەکانی (جیرارد جینێت) کردووە بەتایبەت ئەو کە باس لە (دەقئاوێزانی سنووردار) دەکات بەواتای ڕەنگدانەوەی دەقێك لە دەقێکیتردا بەشێوەیەکی سنووردار (عزام،٤٠،٢٠٠١).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئاشنامان دەکات بە شێوازی هەڵمژینی دەقێك لەدەقێکیتردا و ئاشنابوونمان بە چۆنێتی ئەو پرۆسەیە،بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان کردووە بە دووبەشەوە، لەبەشی یەکەمدا زاراوە، پێناسەو چەمکی دەقئاوێزانمان ڕوونکردۆتەوە. لەبەشی دووەمیشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی و لەڕێگەی وەرگرتنی نمونەی نێو هەردوو دەقەکەوە هەوڵماندراوە ئەو ڕەنگدانەوانە بدۆزینەوە کە لە نێوانیاندا دەبینرێت. لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون لەچەند خاڵێکدا دیاریمانکردوون.

## بەشی یەکەم
## دەقئاوێزان: زاراوە، پێناسەو چەمك

**زاراوە:**

دەقئاوێزان لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (intertextuality)ی بۆ بەکارهێنراوە کە یەکێکە لە زاراوە و چەمکە ڕەخنەییە نوێکان، وشەی( inter) واتای گۆڕینەوە یان بەیەکداچوون دەگەیەنێت و (text)یش بە واتای دەق دێت (بوخاتم،١٨٦،٢٠٠٥) هەردووکیان پێکەوە واتای بەیەکداچوونی دەق دەگەیەنن. لەزمانی فەڕەنسیشدا زاراوەی(intertextualite) بۆ بەکارهێنراوە، کە واتای چوونی دەقێك بۆناو دەقێکیتر دەگەیەنێت و لەزمانی عەرەبیشدا زاراوەی (التناص)ی بۆ بەکاردەهێنرێت کە زیاتر لە زاراوە فەڕەنسییەکەوە وەرگیراوە و بە واتای(چەند دەقێك یەکتر لەباوەشدەگرن)دێت (محمود,2012, 17-19). لەزمانی فارسیشدا زاراوەی(بینامتن)ی بۆ بەکاردەهێنرێت بەواتای تێکەڵاوبوون، لەزمانی کوردیشدا زاراوەی(دەقئاوێزان)ی بۆ بەکارهێنراوە کەواتاکەی زیاتر لە فارسیەکەوە نزیکە، چەند دەقێك ئاوێزانی یەکتردەبن(محمود,2012, 23-25).

**پێناسە:**

دەقئاوێزان چەندین پێناسەی بۆکراوە، لەوانە ( جیرارد جینێت) بەمشێوەیە پێناسەی دەقئاوێزان دەکات (( ئامادەیی تەواوی دەقێکە لە دەقێکی تردا)) (ناهم,2004,ط١,٢٤) کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە دەقی یەکەم ئامادەیی هەیە لە نێو دەقی دووەمدا وا لەدەق دەکات ببێتە مەودایەك بۆ بەیەکگەیشتنی دوو گوتار یان زیاتر، ئەو ڕەنگدانەوەیەش ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان شاراوە کە ئەمەی دووایان ئەرکی خوێنەرە کاری لەسەربکات و بیدۆزێتەوە.

(د.احمد الزغبي)بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ((دەقێکی ئەدەبی چەند دەقێکی پێشخۆی لە شێوەی وەرگرتن و تێکهەڵکێشکردن و ئاماژە لەخۆ دەگرێت، ئەمانیش لەگەڵ پاشخانی دانەر و دەقە ڕەسەنەکەدا تێکەڵدەبن و پێکەوە دەقێکی تازە بەرهەمدەهێنن))( الزغبي، ١٩٩٥، ٩) واتە چەند دەقێکی پێشتر لەناو دەقێکدا

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 2(2023) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n2y2023.pp19-26
ورقة بحث منتظمة: أستلم البحث في 22 تشرين الثاني 2022؛ قبل في 8 كانون الثاني 2023؛ نشرت في 11 نيسان 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: abas.qadir@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2023 عباس محمد قادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

رەنگدەداتەوە، جا دەکرێت ئەو دەقە لەدەقەکانیترەوە وەرگرتنی کردبێت یان تەنها ئاماژەکانی ئەو دەقانەی تێدا بدۆزرێتەوە، بەڵام هەروەك (شنۆ محمد) لە کتێبیەکەیدا بەناونیشانی(دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نمونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)دا دەڵێت:((مەرج نییە دەقئاوێزان تەنها وەرگرتن و گواستنەوەبێت، بەڵکو دەکرێت گۆڕانکاری و نوێبوونەوەو فراوانکاریشی تێدابێت))(محمود,2012, 26). ئێمەش پێمانوایە توانای نووسەر لە شێوازی وەرگرتن و ڕەنگدانەوەی دەقەکانی تردا لەدەقەکەیدا ڕۆڵی گرنگی هەیەو بەپێی تواناو لێهاتوویی خۆی دەتوانێت داهێنان بکات و هەموو وەرگرتنەکان بخاتە خزمەت دەقەکەی خۆیەوە، هەروەك ئەوەی لەدرێژەی ئەم توێژینەوەیەدا باسیدەکەین کەچۆن شانۆگەرییەکە لە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلیدا دەبینرێت و بەجۆرێکە ئەگەر زۆر بەوردی دەقەکە نەخوێنینەوە ئاماژەکان نەبینین ناتوانین هەستی پێبکەین.

**مێژووی چەمکی دەقئاوێزان :**

دیاردەی کارلێکی نێوان دەقەکان و کرانەوەیان بەسەر یەکتریدا دیاردەیەکی کۆنە هێندەی کۆنی خودی دەق، لەکۆندا هەندێکجار بەناوی(دزی ئەدەبی)ناویبراوە (وعدالله,2005, 15)، بەڵام دواتر ئەم تێڕوانینە گۆڕاوەو وەك چەمکێکی توێژینەوەی ئەدەبی سەیرێکراوەو مامەڵەی لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا پێکراوە.

وەك ئاماژەدان بە چەمکی دەقئاوێزان، بۆیەکەمجار لای ( میخائیل باختین) دەبینرێت ئەویش لە کتێبیکیدا بە ناونیشانی( مارکسیەت و فەلسەفەی زمان) کە لە ساڵی ١٩٢٩دا نووسیویێتی و ئەوەی خستۆتە ڕوو کە دەقئاوێزان وەستانە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە لەناو دەقدا هەیە، بەگەڕانەوە یان لاساییکردنەوەی دەقەکانی تریێت. (قادر،١٥،٢٠١١) هەرچەندە ئەو واتە ( باختین) لەسەرەتادا زیاتر گرنگی بەم چەمکە داوە لە چیرۆکدا، چونکە پێی وابوو شیعر هەموو خەسڵەتەکانی دەقئاوێزان لە خۆ ناگرێت، بەڵام دواتر ئەو ڕاستییە سەلما کە پێویستە لە شیعریشدا کار بەم چەمکە بکرێت (المناصرە، ٢٠٠٦، ط١، ١٤٢).

وەك زاراوەش بۆ یەکەمجار زاراوەی دەقئاوێزان بە فەرەنسیی ((intertextualite لای ڕەخنەگری بولگاری ( جولیا کریستیڤا)دەرکەوت، دوای ئەوەی لە ساڵانی ( ١٩٦٦-١٩٦٩) لە فەرەنسادا توێژینەوە لەسەر دەق دەکردو کاریگەربوو بە ڕەوتە ڕەخنەییەکانی وەك (بونیادگەری، هەڵوەشاندنەوە، سیمۆلۆجیا و مارکسیی)، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەق بریتییەلە کردەی بەرهەمهێنان وەك بەرهەمهێنانی ئابووری، پێداویستییەکانیشی بریتیین لە (نێرەر، دەق و وەرگر)، دەقیش بۆخۆی لەگەڵ چەند دەقێکیتری هاوچەرخ و پێشتردا بەیەکدا دەچێت، دەق خاوەنی دوو بونیادە، بونیادێکی ڕووکەشی کە بریتییە لە دەقەکە بە زمان، دەنگ و پیتەکانییەوە، بونیادێکی شاراوەش کە لەدایکبووی دەقەکەیە( محبك،١).

جولیا کریستیڤا توانی بناغەیکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ئەم چەمکە ڕەخنەییە لەشیعر و ڕۆماندا دابمەزرێنێت، دواتر بووە جێگەی گرنگیپێدان لەلایەن ڕەخنەگرانی وەك ( ڕۆلان بارت، جیرار جینێت و لۆران جینی)کە هەموویان لەسەر چالاکی و گرنگی دەقئاوێزان هاوڕابوون، هەرچەندە لە تیروانینیاندا جیاوازی هەبوو( محمد،٦،٢٠١٢) .

ئەوەی کە گرنگە لای کریستیڤا ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە ئەو شێوەکانی دەقئاوێزان لە دوو ئاستدا کۆدەکاتەوە: یەکەمیان ، ئاستی لە خۆوەیەو بێ مەبەستە کە تیایدا گوتاری نائامادە دزە دەکاتە ناو گوتاری ئێستاوە بە بێ ئاگایی. دووەمیشیان، ئاستی بەئاگاییە و ئاماژەدەکات بە داڕشتنی گوتاری ئێستا بۆ دەقێکیتر تا دەگاتە پلەی دەقئاوێزان ( محمد عزام،٢٠٠١، ٣٨).

(ریڤاتیر)یش یەکێکە لەو کەسانەی کە کاری لەسەر دەقئاوێزان کردووەو تێڕوانینی خۆی هەیە لەبارەی ئەم چەمکەوە، ئەو دەقئاوێزانی بە بینینی شێوازگەری و سیمۆلۆجییەوە بەستۆتەوەو بەلای ئەوەو دەق لە ئاستی سیستمی نیشانەدا دەقی تر وەکو سەرچاوە وەردەگرێت (عەزیز،٢٠١٤، ٣٢) وەرگیراوە لە (المغربي, 2010, ط1, ٣٥) ئەو زیاتر مەیلی بۆلای لایەنی زمانەوانی هەبوو لە دەقئاوێزاندا.

هەرچی (جیرارد جینێت)ە کە دوو کتێبی لەبارەی دەقئاوێزانەوە نووسیوە ، یەکەمیان ( مدخل الی جامع النص – ١٩٧٩) و دووەمیشیان(پاڵمسێست- Palimpsestes- ١٩٨٢)، بەتایبەتی لەوەی دووەمیاندا کە زیاتر لە توێژینەوەکەی ئێمەدا ڕەنگیداوەتەوە زیاتر باس لە وەرگرتن و داڕشتنەوەی دەقەکانیتر دەکات لەدەقێکدا بەشێوەیەکیتر (عەزیز، ٢٠١٤، ٣٩) بەلای ئەوەوە وەك پێشتریش ئاماژەماپێدا دەق دەبێتە پنتی بەیەکگەیشتنی دوو گوتار یان زیاتر و لەمەش زیاتر ئەو دەڵێت : ((ئێمە ناتوانین بە بێ شوێنەواری دەقی کۆن بنووسین ))( محمود،٤٢،٢٠١٢) کەواتە ئەمەدەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە هەموو دەقێك لە چەند دەقێکی پێشتری خۆی پێکدێت و وەك سەرچاوەیەك بۆیان دەگەڕێتەوە .

ئەوەی کە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە ئەو پۆلێنکارییەیە کە جینێت کردوویەتی بۆ دەقئاوێزان و یەکێك لەو جۆرانەی دەقئاوێزان بە ( دەقئاوێزانی سنووردار) ناودەبات، مەبەستیش لەم جۆرە پەیوەندی نێوان دوو دەق یان زیاترە کە لەو پەیوەندییەدا ( ئاماژە، تێکهەڵکێش و دزی ئەدەبی) دەردەکەوێت(عزام،٤٠،٢٠٠١). یان بەجۆرێکیتر هەستکردنی خوێنەرە لەکاتی خوێندنەوەی هەردەقێکدا بەو پەیوەندییانەی کە ئەم دەقە بەدەقێك یان چەند دەقێکی ترەوە دەبەستێتەوە(ناهم,2004,ط1,٣٦) بێگومان ئەو هەستکردنە ڕەنگە زۆرجار بە ڕوونی دەربکەوێت و ڕەنگیشە هەندێکجار پەنهانبێت و خوێنەرێکی بەئاگا بتوانێت درك بەو پەیوەندییانە بکات.

هەرچی (ڕۆلان پارت)یشە کە بۆیەکەمجار زاراوەی دەقئاوێزانی لە ساڵی ١٩٧٣دا بەکارهێناوە پێی وایە کە هیچ دەقێك نییە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری دەقێکیترەوە یان پەیوەندی بە دەقێکیتر یان زیاترەوە نەبێت، بۆیە دەقئاوێزان بووە ڕاستییەك و لەناو هەموو دەقەکاندا بوونی هەیە. ( قادر،٢٠١١، ١٦) ئەو بەلایەوە ((هەموو دەقێك دقئاوێزانەو دەقەکانیتری تێدا دەبینرێت بەئاستی جیاواز، تێگەیشتنی زۆر گران نییە و لەناویدا ئاشنادەبین بە ڕۆشنبیری دەقەکانی پێشوو ئێستا ، بەلای بارتەوە دەقئاوێزان قەدەری هەموو دەقێکە ))( عزام،٢٠٠١، ٣١ ).کەواتە هەموو دەقەکان سەرچاوەی خۆیان هەیە کە بۆی دەگەڕێنەوە و لێوەی هاتوون، ئەوەی کە ئەو پەیوەندییە سەرچاوەییانە دەستنیشان دەکات دەقئاوێزانە بەو میکانزمانەی کە لەخۆی دەگرێت.

## بەشی دووەم
## دەقئاوێزانی بازرگانی ڤینیسیا لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا

شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیا یەکێکە لە شاکارەکانی (ولیەم شکسپیر) و لەساڵی ١٦٠٠ دا نووسیویێتی، بەکورتی باس لە ململانێی نێوان دوو دەوڵەمەندی شاری ڤینیسیا دەکات کە ئەوانیش(شایلۆك)ی جوولەکەو(ئەنتۆنیۆ)ی مەسیحییە، یەکەمیان کەسێکی چاوچنۆکی پارە پەرستە و لەڕێگەی قەرزدان بە سوو بازرگانی خۆی دەکات، دووەمیشیان بازرگانێکی چاکەخوازە هاوکاری هەژاران دەکات، بەتایبەت قەرز بداتە هەرکەس داوای سووی لێناکات، ئەمەش خاڵی سەرەکی ناکۆکی ئەو دوو کاراکتەرەیە بەردەوام شایلۆك لە هەلێك دەگەڕێت تاوەکو تۆڵەی خۆی لە ئەنتۆنیۆ بکاتەوە و ئەو هەلەشی بۆ دەڕەخسێت، بەڵام دواجار بە زیانی خۆی تەواو دەبێت، لەلایەکیتریشەوە

لەم شانۆگەرییەدا دیمەنێك هەیە كە بریتییە لە مەرجدانانی باوكێك بۆ كچە شۆخ و شەنگەكەی بەناوی (پۆرشیا) بەوەی هەركەس داخوازیبكات پێویستە وێنەكەی ئەو لە یەكێك لەو سێ باوەڵانە(سندووقانە)ی كە لە (زێڕ، زیوو و قورقوشم) دروستكراوە بدۆزێتەوەو كچەكەشی دەبێت بەوە ڕازیبێت و دواتر و دوای ئەوەی كەچەند كەسێك بەختی خۆیان تاقیدەكەنەوە، دواجار (بەسانیۆ)ی گەنج و هاوڕێی ئەنتۆنیۆ دەتوانێت وێنەكەی پۆرشیا بدۆزێتەوەو ببێتە هاوسەری.

هەرچی ڕۆمانی ( كۆشكی باڵندە غەمگینەكان)ەلەنووسینی ڕۆماننووس(بەختیار عەلی) یەو لە ساڵی ٢٠٠٩دا نووسیویێتی، بەكورتی ئەم ڕۆمانە باس لە بارووردۆخی كۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی كوردستان دەكات بەتایبەت لە ڕۆژگاری شەڕی ناوخۆدا، لەپاڵ ڕووداوە كۆمەڵایەتی و ڕامیارییەكاندا دیمەنی داخوازیكردنی كچێكی جوان بە ناوی (سەوسەن فیكرەت) دەبینین لەلایەن سێ گەنجەوەو دواتر مەرجدانان بۆ ئەو خوازبێنیكارانە لەلایەن خودی كچەكەوە بەوەی كە هەریەكەیان لیستێكی جۆراوجۆری باڵندەی پێدەدرێت  تاوەكو لە گۆشەیەكی ئەم جیهانەوە پەیدای بكەن، ئەوا شوو بە كەسە دەكات كە سەركەوتووانە ئەو مەرجەی بەجێدەهێنێت، تا لەكۆتاییدا لەگەڵ یەكێك لە خوازبێنی كاران بەناوی (كامەرانی سەلما)ەوە هاوسەرگیریی دەكات.

لەڕاستیدا كاتێك ئەو دوو دەقە دەخوێنینەوە هەست بە تێكەهەڵكێش وڕەنگدانەوەی یەكەم لە دووەمدا دەكەین، هەرچەندە ڕەنگدانەوەكە ڕەنگدانەوەیەكی كۆپیكراو یان ڕاستەخۆ نییە، بەڵكو لەزۆر دیمەنی دەقەكەی بەختیار عەلیدا، بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ هەست بە ئامادەیی دەقەكەی شكسپیر دەكەین، بەمەبەستی دەرخستنی دەقئاوێزان لە كۆشكی باڵندە غەمگینەكاندا لەم لایەنانەوە دەچینە نێو توێژینەوەكەمانەوە:

### ١-شوێنی ڕووداوەكان:

لەهەردوو دەقەكەدا ڕووداوەكان لە دووشاردا ڕوودەدەن، لە بازرگانی ڤینیسیادا، دیمەنەكان لە ڤینیسیاوە دەستپێدەكەن و دواتر دەگوێزرێنەوە بۆ شاری( بیلمۆنت) ئەو شارەی كە ( پۆرشیا)ی لێدەژی، بەسانیۆ بە ئەنتۆنیۆ دەڵێت: (( In Belmont is a lady richly left; And she is fair speechless messages: Her name is Portia)) (Shakespeare,١٩٥٣,٨) لە كۆشكی بیلمۆنت، شاژنێك هەیە، جوانییەكەی بەوشە وەسف ناكرێت ئەو هاوتای نییە، هەندێكجار بەچاوی حەزەكانی دەردەبڕێت، ناوی پۆرشیایە.

لەڕۆمانی كۆشكی باڵندە غەمگینەكانیشدا سەرەتای ڕووداوەكان لە شاری بەغدادەوە دەستپێدەكەن دواتر دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی ((كەشەڕی ئێران هەڵگیرسا نزار فیكرەت ئەوساڵ لە كۆلێژی ئەندازە دەرچووبوو، لەو دەمەدا بۆ یەكەمجار فیكرەت گوڵدانچی بیری لەوە كردەوە كە بە خێزانەوە بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی ڕاستەقینەی خۆی لە باكوور)) (عەلی،٢٠٠٩،٢٤)، هەرچەندە بەشێوەیكی ڕاستەخۆ ناوی سلێمانی لە ڕۆمانەكەدا نەهاتووە، بەڵام زۆر ئاماژە هەیە كە پێمان دەڵێت: شوێنی ڕووداوەكان شاری سلێمانییە وەك ئەوەی كە نووسەر لەبارەی ڕۆژەكانی یەكەمی ڕاپەرینەوە دەڵێت: (( لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووەمدا شەڕی ڕاستەقینە لە چواردەوری بینای گەورەی ئاسایش دەستی پێكرد، ئەو شوێنە وەك قەڵای گەورەی بەعسیەكان تەماشادەكرا. بیناكە خانوویەكی زەبەلاح و ناشیرین و ترسناك بوو، دەیان ڕاڕەو و ژێرزەمین و ژووری گەورەی ئەشكەنجەی تێدابوو... پاشەكشێی هەموو بەعسییەكان بۆ ناو ئەم بینایە هەڵەیەكی كوشندەبوو كە كاری گەمارۆدانیانی زۆر ئاسانكرد))(عەلی،٢٠٠٩، ١٥٢).دیارە مەبەستی نووسەر لەو بینایە، بینای ئەمنە سورەكەی سلێمانییە، ئەمەش ئاماژەدانی نووسەرە بە شاری سلێمانی بێ ئەوەی ناوی بهێنێت. هەروەها لە شوێنێكیتری ڕۆمانەكەداو لەباسی ڕووداوەكانی شەڕی ناوخۆی نێوان یەكێتی و پارتیدا دەڵێت: (( لە كۆتایی ئابی ساڵی نەوەدوشەشدا دوای نزیكی ساڵ و نیوێك لە دروستبوونی كۆشكی باڵندەكان، هێزەكانی پارتی دیموكرات هەولێری پایتەختی هەرێمیان لە دەست هێزەكانی یەكێتی نیشتیمانی دەرهێنا، ... لەماوەیەكی زۆر كورت و خێرادا گەیشتنە شاری ئێمە. هەواڵی هەڵهاتنی سەركردەكانی یەكێتی و شكستی هێزەكانیان شاری ئێمەی بە جۆرێكی بێوێنە شڵەقاند)) (عەلی، ٢٠٠٩، ٢٧٠) كە دیارە لەو كاتانەداو ئێستاش شاری سلێمانی مەڵبەندی سەرەكی سەركردەكانی یەكێتی نیشتیمانی بوو.

جیاوازی شوێنی ڕووداوەكان لەنێوان ئەم دوو دەقەدا لەوەدایە كە لە شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسادا، كاراكتەری بەسانیۆ گەشت دەكات بۆلای پۆرشیا بەمەبەستی تاقیكردنەوەی بەختی خۆی لەو مەرجەی كەدانراوە، بەڵام لە ڕۆمانەكەی بەختیار عەلیدا كچەكە (سەوسەن فیكرت) دێت بۆ شارەكەی (كامەرانی سەلما)، هەرووەها بەسانیۆ بۆ خوازبێنی دەچێتە بیلمۆنت، بەڵام هاتنی سەوسەن بۆ شاری سلێمانیی هۆكاریی تری هەیە و بگرە كامەرانی سەلمای لەو كاتەدا هەر نەناسیوە.

بەلای ئێمەوە لە دەقەكەی بەختیار عەلیدا شانۆگەرییەكەی شكسپیر ئامادەیی هەیە، بەڵام ئامادەییەكی ناڕاستەوخۆ  بەجۆرێك كەڕەنگە ئاسان نەبێت دركپێكردنیی و ئەمەش بە دەقئاوێزانی ناڕاستەخۆ دادەنرێت وەك ئەوەی كە (لیون سومفل) باسیدەكات: كە نووسەر لەمجۆرە دەقئاوێزانەدا چەند بیرێك لە دەقە كۆنەكە وەردەگرێت و لە دەقەكەی خۆیدا و بەشێوازێكی نوێ دایدەڕێژێتەوە (محمد،٢٠١٢، ١٠٢).

### ٢-ڕیسككردن بە ژیان لەپێناو هاوڕێدا :

لە شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیادا كاراكتەرێك هەیە بە ناوی ( ئەنتۆنیۆ) ئەم كاراكتەرە خاوەن پاشخانێكی ئاینیی و ئابوورییە، بەوەی كە وەك كەسێكی مەسیحی پیشاندراوە لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانێكی مرۆڤدۆستی دەوڵەندی شارەكەیە، هاوكارییەكی زۆری (بەسانیۆ)دەكات كە هاوڕێ یەكی گەنجی خۆیەتی و دەیەوێت بەختی خۆی تاقیبكاتەوە لە چوونی بۆ شاری ( بیلمۆنت)و هەڵبژاردنی یەكێك لە باوەڵەكانی كە وێنەی (پۆرشیا)ی تێدایە تاكو ببێتە هاوسەری، بەڵام هیچ پارەیەك شك نابات تاكو گەشتەكەی پێبكات، بۆیە ئەنتۆنیۆ هانیدەدات تاكو گەشتەكەبكات، لە دیمەنێكدا دەڵێت: (( I pray you, good Bassanio, let me know And if it stand, as you, yourself still do, Within the eye of honour, be assured My purse, my person, my extremest means, Lie all unlocked to your occasions )) (Shakespeare,١٩٥٣,٧) بەسانیۆ تۆ ئاواتەكانی خۆتم پێبڵێ، ئەگەر شەرفمەندانەبوو وەك ئەوەی شەرفمەندانە ناسیوومی، ئەوا دڵنیابە كە خۆم و سامانەكەم و هەرچی لەتوانامدا بێت لەخزمەتتدایە.  لە دیمەنێكی تردا دەڵێت: (( Thou knowst that all my fortunes are at sea; Neither have I money, nor commodity To raise a present sum: therefore, go forth; Try what my credit can in Venice do: ... and I no question make, To have it of my trust or for my sake)) (Shakespeare,١٩٥٣,٨).  خۆت دەزانیت ئێستا من هەموو سامانەكەم لەژێر ڕەحمەتی زەریاكاندایە، ئێستا ناتوانم پارەیەكی باش كۆبكەمەوە بۆت، لە ڤینیسیادا بە پشتگیریی من بڕۆ بۆ پەیداكردنی پارە.... لێم مەپرسە،خۆت بەمن بسپێرە، بڕوام پێبكە بێهیوات ناكەم.

ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین و بەبڕوای ئێمە خۆی لە بابەتی دەقئاوێزانی نێوان دوو دەقەکەدا دەبینێتەوە ئەوەیە کە ئەنتۆنیۆ بەم هاوکاریکردنەی ڕیسك بە ژیانی خۆیەوە دەکات و کاتێك بڕی (سێ هەزار دۆقی) لە شایلۆك بۆ ماوەی سێ مانگ قەرزدەکات، ئەویش مەرجی ئەوەی بۆ دادەنێت ئەگەر لەکاتی خۆیدا پارەکەی بۆ نەگەڕێنێتەوە ئەوا پارچەیەك لەگۆشت لە جەستەی بکاتەوە لەو شوێنەی کە خۆی دیاریدەکات، شایلۆك دەڵێت: (( Go with me to a notary, seal me there Your single bond; and, in a merry sport, If you repay me not on such a day, In such a place, such sum or sums as are Expressd in the condition, let forfeit Be nominated for an equal pound of your fair flesh, to be cut off and taken In what part of your body pleaseth me)) (Shakespeare,١٩٥٣,١٧). بابڕۆین بۆلای نووسەری گرێبەستەکە، لەوێ بەڵێننامەکە بنووسین، ئەگەر لەکات و شوێنی خۆیدا پارەکەت نەگەڕاندەوە ئەوا پێویستە پارچەیەك گۆشت لەو شوێنەی جەستەت کە من دەستنیشانی دەکەم، لێبکەمەوە. ئەوەی کە لەم دایالۆگەدا دەیبینین هاوکاریکردنی کەسێکە بۆ هاورێکەی کە ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، هەمان ئەو بیرۆکەیە لای بەختیار عەلیش دەبینین کاتێك کە(مەنگوری بابا گەورە) بۆ هەمان مەبەستی گەیشتنی(کامەرانی سەلما) بە (سەوسەن فیکرەت) تاکو گەشتەکەی بکات و باڵندەکان بەدەستبهێنێت، بەڵام پارەیەك شك نابات هاوکاری دەکات ((کێشەی گەورەی کامەرانی سەلما چۆنێتی پارە پەیداکردن بوو بۆ گەشتە درێژەکەی، هەموومان دەمانزانی سەفەرێکی لەو چەشنە پارەیەکی وەهای دەوێت لە توانای کەسوکاری کامەراندا نییە داینبیکەن)) (عەلی،٢٠٠٩،١١٣). مەنگوڕ بەهەمان شێوەی ئەنتۆنیۆ هاوکاری دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕێگایەك دەگرێتەبەر تاکو پارە پەیدا بکات و بیداتە (کامەران) بۆ ئەوەی گەشتەکەی پێبکات بەشێوەیەك کە ژیانی خۆشی خستۆتە مەترسییەوە لەو پێناوەدا: (( هەندێك کەس دڵنیابوون مەنگوڕ لەو دەمەدا لە قاچاخچێتی مەشروبەوە بۆ ئێران ئاڵاوە، ئەو بازرگانییە پارەیەکی زۆری دەردەکرد و ڕاستەخۆش لە ژێر چاودێری دەزگای هەواڵگری گشتیدا بەڕێوەدەچوو)) (عەلی،٢٠٠٩،١٣٩). هەروەها لە دایەلۆگێکی تردا دەڵێت:((لەوەش بترازێت دەنگۆیەکی گەورە هەبوو کە هەندێك لەوانەی لەدەوری مەنگوڕن لە پشت بڕینی هەندێك دوکان و کۆگای زەڕنگەر و قاسەی ماڵانەوەن)) (عەلی، ١٣٩، ٢٠٠٩). ئەمەش سەلمێنەری ڕەنگدانەوەی هەمان بیرۆکەی شکسپیرە لە شانۆگەرییەکەیدا، بە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییانەی کە دەبینرێت لە شێوازی هاوکاریکردنەکەدا، بەڵام دەتوانین بڵێین: لەهەردوو دەقەکەدا ڕیسککردن بە ژیانی خۆیانەوە بوونی هەیە بەشێوازی جیاواز. یەکەمیان بۆی هەیە لەئەنجامی لێکردنەوەی (ڕەتڵێك) یان پارچە گۆشتێك لەجەستەی بمرێت، دووەمیشیان بۆی هەیە لەئەنجامی ئەو کارە پڕمەترسیاندا ژیانی بکەوێتە مەترسیەوەو بکوژرێت. کەواتە دەقئاوێزانێکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان دوو دەقەکەدا دەبینرێت.

**٣-کاریگەریی وشە:**

لەهەردوو دەقەکەدا گرنگیدان بە ڕۆڵی وشەکان لە دیمەنێکی دیاریکراودا دەبینین بەجۆرێك کە لای هەردوو نووسەر بەمەبەست خراوەتەڕوو، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە زمانی دەقەکان نییە، بەڵکو مەبەستمان لە جەختکردنەوەیە لە هەندێك گوزارشتی تایبەت لە دیمەنێکدا کە کاریگەریی لەسەر ڕووداوی ناو دیمەنەکەدا بەجێدەهێڵێت یان دەکرێت بەجێی بهێڵێت.

لە شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیادا، لەسەر هەریەکێك لە باوەڵەکان گوزارشتێك نووسراوە، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت یەکێك لە باوەڵەکان هەڵبژێرن، ئەم وشانە دەخوێننەوە و دواتر بەپێی تێگەیشتنیان لە واتاکان، ئەو سندووقە هەڵدەبژێرن کە گوزارشتەکەی بەلایانەوە پەسەند ترە.

لەسەر باوەڵە زێڕەکە نووسراوە(( Who chooseth me shall gain what many men desire )) ئەوی من هەڵبژێرێت ئەوە بە دەست دەهێنێت کە هەموو پیاوێك دەیەوێت. لەسەر باوەڵە زیووەکە نووسراوە(( Who chooseth me shall get as much as (he deserves) . ئەوەی کە من هەڵبژێرێت ئەوەی دەست دەکەوێت کە شایەنێتی. و لەسەر باوەڵە قوڕقوشمەکەش نووسراوە((Who chooseth me must give and hazard all he hath)) (Shakespeare,١٩٥٣,٣٣)ئەوەی کە من هەڵبژێرێت پێویستە ئەوەی کەهەیەتی لەپێناوی مندا ببەخشێت دواتریش دەبینرێت هەریەکێك لە داخوازیکاران لەژێر کاریگەریی ئەو نووسراوانە، باوەڵەکان هەڵدەبژێرن، بۆنموونە پاشای مەڕاکیش کاتێك نووسراوی سەر باوەڵەکان دەخوێنێتەوە، زۆر کاریگەردەبێت بەوەی کە لەسەر زێڕەکە نووسراوەو وەك لە دەقەکەشدا هاتووە بەم شێوەیە واتاکەی لێکداوەتەوە: (( all the world desires her; From the four corners of the earth they come, ... For princes to come view fair Portia: The watery kingdom, whose ambitious head spits in the face of heaven, is no bar To stop the foreign spirits; but they come, As oer a brook, to see fair Portia.... Deliver me the key: Here do Ichoose, and thrive I as I may)) (Shakespeare,١٩٥٣,٣٥) واتا هەموو مرۆڤێك خوازیاری خانمی ئەم کۆشکەیە، لەهەموو لایەکی جیهانەوە دێن بۆ بینینی ئەم حۆرییە دونیاییە، .... مەملەکەتی ئاو کە شەپۆلەکانی دەگاتە ئاسمان ڕێگر نییە لە هاتنی بیانییەکان بۆ تێپەڕینیان لێوەی وەك چۆن لە ڕووبارە بچووکەکانەوە تێدەپەڕن، تاوەکو جوانیی پۆرشیا ببینن، ...کەواتە وێنەکە لە ناو باوەڵە زێڕەکەدایە و کلیەکانم بدەرێ من ئەمە هەڵدەبژێرم لەوانەیە من ڕزگارم بێت بەهەمانشێوە ئەوانیتریش، بەڵام نابێت ئەوەش باس نەکەین کە لەپاڵ وتە نووسراوەکاندا، خودی کانزاکەش کە باوەڵەکانی لێدروستکراوە ڕۆڵی هەبووە لە کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی خوازێنیکاران.

لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا، شێوەیەکی تری ئەم دۆخە دەبینین کە تاڕادەیەك پێچەوانەی ئەوە، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەو بیرۆکەیە ئامادەیی هەیەو خۆی دەنوێنێت ئەویش بەوەی کە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە داخوازیکەرەکان دوای ئەوەی گەشتەکەیان دەستپێدەکەن پێویستبوو بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە سەوسەنەوە نەکەن بە تایبەت لەڕێگەی نامەنووسینەوە تاوەکو کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەو بۆچوونی کچەکە بەجێنەهێڵن:(( هەمووان لەسەر ئەوە تەبابوون هیچ یەکێکیان بۆی نەبێت نامە بۆ سەوسەن بنوسێت چونکە دەشێت یەکێك لە داواکارەکان لە ڕێگای فریوی وشە و ئەو فێڵبازیی و تەڵەکانەی لە ناو نوسیندا هەیە کارێکی خراپ لە سەوسەن بکات و داد و یەکسانی لە یارییەکەدا نەهێڵێت)) (عەلی، ٢٠٠٩، ١٠٢).

دەبینین لە شانۆگەریەکەدا، کاریگەری وشەکان لەسەر داخوازیکەران بەڕوونی بوونی هەیە، ئەوان فریودەخۆن بە واتای وشەکان و لەئەنجامدا دووانیان بڕیاری هەڵەدەدەن، وەك ئەوەی کەبەسەر(پاشای مەڕاکیش) دادێت کە باوەڵە زێڕەکە هەڵدەبژێرێت و (پاشای ئەڕاگۆن) یش کە باوەڵە زیوەکە هەڵدەبژێرێت، هەردووکیان لەژێر کاریگەری وشەکانی سەر باوەڵەکاندا ئەوکارە دەکەن، بەڵام لای بەختیار عەلی بیرۆکەکە پێچەوانە بۆتەوەو ڕوونەدانی ئەو دۆخە دەبینین بەهۆی نامە نووسینەوە، ئەمەش دەقئاوێزانێکی

ناڕاستەوخۆی پۆزەتیڤە کە بیرەکە ڕەنگدەداتەوە ، بەڵام بەشێوازێکی جیا دەبینرێت. هەروەها دەتوانتین وەك داهێنانێك لەوەش بڕوانین کە لای شکسپیر کاراکتەرەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی وێنەکەی پۆرشیا پێویستیان بە بیرکردنەوەو تێگەیشتنێکی وردی واتای گوزارشتەکانە کەلەسەر باوەڵەکان نووسراوە، واتا زیرەکی خودی خوازبێنیکاران ڕۆڵی گرنگی هەیە لە کردنەوەی باوەڵەکاندا، بەڵام لە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلیدا دۆخەکە بەشێوازێکیترە، لەڕۆمانەکەدا کاراکتەرەکان پێویستیان بە سەفەر و گەڕان و ماندووبوونی جەستەیی هەیە تاکو مەرجەکان جێبەجێبکەن، ئەمەش بەلای ئێمەوە خاڵێکی بەهێزی ناو ڕۆمانەکەیە و دەتوانین بڵێین: بەشێوازێکی جیاواز بیرەکە ڕەنگیداوەتەوە، بەشێوەیەکە کە دەقی دووەم نەبۆتە کۆپییەکی دەقەکەی پێشخۆی و ڕەنگە خوێنەر بەئاسانی نەتوانێت درك بەسەرچاوەی بیرکە بکات، ئەگەر زۆر بە وریایەوە دەقەکە نەخوێنێتەوە.

## ٤-مەرجی هاوسەرگیریی:

کاتێك هەردوو دەقەکە دەخوێنینەوە بابەتێك زۆر سەرنج ڕاکێشەرانە خۆیمان پیشاندەدات، ئەویش بریتییە لە چۆنییەتی پرۆسەی هاوسەرگیریی، لە شانۆگەرییەکەدا نووسەر ئەو بابەتەی گرێداوە بە مەرجێکەوە کە ئەویش دۆزینەوەی وێنەی (پۆرشیا) یە لە یەکێك لە باوەڵەکاندا، ئەم مەرجە لەلایەن باوکی(پۆرشیا)ەوە دانراوە، هەرکەس بیەوێت ببێتە هاوسەری کچەکەی دەبێت چانسی خۆی تاقیبکاتەوە لەو باوەڵانەداو پێویستیشە بەڵێننامەی ئەوە پڕبکاتەوە کە بەهیچ جۆرێك بۆ کەسی باسنەکات کە کام لە سندووقەکانی کردۆتەوە و هەروەها بەڵێنی ئەوەش بدات تا لەژیاندایە ژن نەهێنێت و هیچ ناڕەزایەتییەکیش پیشان نەدات: (( I am enjoined by oath to observe three things : First, never to unfold to any one Which casket twas I chose; next, if I fail Of the right casket, never in my life To woo a maid in way of marriage; Lastly, if Ido fail in fortune of my choice, Immediately to leave you and be gone.)) (Shakespeare,١٩٥٣,٣٨).ئەمیری ئەراگۆن: بەڵێننامەکە سێ مەرج لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان: بۆ هیچ کەسی باس نەکەم کە کام لە باوەڵەکانم هەڵبژاردووە، دووەمیشیان: ئەگەر باوەڵە دروستەکەم هەڵنەبژارد ئەوا هیچ کات ژن نەهێنم، سێیەمیش: ئەگەر ئەوەی بۆی هاتووم وانەبوو بێ هیچ ناڕەزایەتی دەربڕینێك بگەڕێمەوە.

کاتێك ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکانیش دەخوێنینەوە دەبینین هاوسەرگیرییەکەی (سەوسەن فیکرەت)یش مەرجدارە، سەوسەن مەرجێك بۆ سێ داواکارەکەی دادەنێت و داوایان لێدەکات گەشتێکی درێژی هەشت ساڵە بە جیهاندا بکەن بۆ کۆکردنەوە و هێنانەوەی کۆمەڵێکی زۆر باڵندە بۆی: (( هەر داواکارێك زەرفێکی تایبەتی وەرگرتووە کە وێنەیەکی سەوسەن و ناوی کۆمەڵێك باڵندەی سەیرو ناوازەی لەگەڵ کۆمەڵێك نەخشە تێدایە، هەموومانی ساکاند هەر داواکارە دەبایە نوێنەرێك ڕاسپێرێت لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا وێنەو هەواڵی ئەو بە سەوسەن بگەیەنێت)) (عەلی،٢٠٠٩،٧٦). لە ڕاستیدا ئەم بابەتی مەرجدانانە لەلایەن کچەکەوە یەکێکە لە هێڵە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکەوەو بەشی زۆری ڕووداو و دیمەنەکان لەدەوری ئەم تەوەردا دەخولێنەوە، تالەکۆتاییدا پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی سەوسەن لەگەڵ کامەرانی سەلمادا ئەنجام دەدرێت بەو پێیەی کە ئەو لە مەرجەکەدا سەرکەوتووبووە.

ئەوەی کە پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە دەقئاوێزانی نێوان دوو دەقەکە ئەوەیە کە دەقی یەکەم بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئامادەیی هەیە لە دەقی دووەمدا، بەڵام بە سەرنجادانێکی ورد دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین لە شانۆگەرییەکەدا مەرجی هاوسەرگیریی پۆرشیا باوکی بۆی داناوە و لەو کاتانەشدا کە ئەم دیمەنانە لە شانۆگەرییەکەدا دەگوزەرێن باوکی کۆچی دواییکردووە، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا سەوسەن فیکرەت کە باوکیشی لە ژیاندایە، کەچی ئەو خۆی مەرج دادەنێت و خۆیشی چاوپێکەوتن لەگەڵ خوازبێنیکاراندا دەکات. ئەمە لەلایەك لەلایەکیترەوە لەشانۆگەرییەکەدا دەبینین پۆرشیا مەحکومە بەو مەرجەو هیچ دەسەڵاتێکی نییە لە ڕەتکردنەوە یان پەسەندکردنی ئەو کەسانەی کە دێن بەختی خۆیان تاقیدەکەنەوە، ئەو تەنها دەبێت چاوەڕێی ئەنجامەکە بکات و پابەندبێت پێوەی، لەبەرامبەردا سەوسەن فیکرەت خۆی بەدەستی خۆی ئەو مەرجە دادەنێت و خۆی گرێدەدات بە ئەنجامەکەیەوەو کەلەڕاستیدا ئەمەش بەلای ئێمەوە زیاتر ئاماژەی دەقئاوێزانی نێوان دوو دەقەکەیە، چونکە لەکلتووری کوردیدا هەمیشە باوان سەرپەرشتیی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری منداڵەکانیان دەکەن، یان بەجۆرێکیتر ئەگەر هەڵبژاردن بەدەستی خودی کچەکەیێت زیاتر ئەوە پەسەند دەکات کە دڵی دەیخوازێت، نەك خۆی بخاتە یارییەکی ئەگەر و نەگەرەوە، ئەمەش بەلای ئێمە بوونی دەقی یەکەم پیشاندەدات لە دەقی دووەمدا ، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییانەی کە بوونی هەیەو زیاتر لایەنیی هونەری و فەنتازیی ئەدەبیی دەقەکەی دەوڵەمەندکردووە .

## ٥-ژمارەی خوازبێنیکاران و چارەنووسیان:

لەشانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیادا هەرچەندە بەناو، ناوی ژمارەیەکی زۆری خوازبێنیکار دەهێنرێت، بەڵام ئەوەی کە لە دەقەکەدا بە کرداری دەیبینین تەنها سێ خوازبێنیکارن ( پاشای مەراکیش، ئەمیری ئەراگۆن و بەسانیۆ) کە سندووقەکان دەکەنەوەو بەمەبەستی دۆزینەوەی وێنەکەی پۆرشیا، لەئەنجامیشدا ئەوەی کە خودی کچەکە بەدڵ حەزدەکات وێنەکە بدۆزێتەوە (بەسانیۆ)یە، پێش هەڵبژاردنی باوەڵەکە پۆرشیا بە بەسانیۆ دەڵێت: (( I pray you, tarry : pause a day or two Before you hazard ; for, in choosing wrong, ... Theres something tells me- but it is not love- I would not lose you; and)) (Shakespeare,١٩٥٣,٤٤) داوات لێدەکەم پەلەنەکەیت، ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بمێنیتەوە پێش هەڵبژاردنەکە... شتێك لە ناخمدایە کە پێم دەڵێت لەدەستت بدەم بۆمن زۆر خراپ دەبێت. لە کۆتایشدا ئەوانیتر بەخت یاوەریان نابێت و بەسانیۆ وێنەکە دەدۆزێتەوە. بەواتایەکیتر کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکیاندا دەکات کە حەزدەکات ئەو گرەوەکە بباتەوە.

لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکانیشدا ئامادەیی ئەم دیمەنە دەبینین کە خۆی لە سێ کاراکتەر وەك خوازبێنیکار دەبینێتەوەو و دەچنە داوای سەوسەن فیکرەت ئەوانیش (خالید ئاموون، مەنسور ئەسرین و کامەرانی سەلما)بوون. لەم ڕۆمانەشدا کچەکە هەرچەندە پابەندبوونی خۆی بە مەرجەکەوە دووپاتدەکاتەوە، بەڵام لەناخەوە حەزدەکات ( کامەرانی سەلما) گرەوەکە بباتەوەو شوو بەو بکات ئەمەش لەدوای گەڕانەوەی کامەران لەسەفەرە هەشت ساڵیەکەیدا دەردەکەوێت: (( کە کامەرانی سەلما هاتە دەرەوە دڵنیابوو کە سەرەنجێکی باشی لای سەوسەن جێهێشتووە... سەوسەنیش هێندەی ئەو ڕۆیشت وەك شێت ڕایکردە خوارەوە و باوەشی بە پروشەی خوشکیدا کردو گوتی:وای چ کوڕێکی جوانە خوایە... وای کوڕێکی جوانە... لە هەموو تەیرەکانی دونیا جوانترە... پروشە لە ژیانیدا سەوسەنی بەوجۆرە کراوەو گەش نەبینیبوو...هیچ کات.. هیچ کات))(عەلی،٢٠٣،٢٠٠٩) ئەمەشی ئەگەرچی لەبەردەم کامەراندا دەرنەبڕی، بەڵام وەك لە دەقەکەدا هاتووە ئاماژەیەکی ڕوونی ئەو بۆچوونەی

سەرەوەمانە کە بەدڵ حەزیکردووە ئەم کوڕە گرەوەکە بباتەوەو لە کۆتاییشدا ئەوە ڕوودەدات و هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات: (( ئەو ڕۆژەی مەلا مارەی خانمی بڕی و شەکراو خورایەوە، بەزمی ئێمە گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی... لەماوەی پازدە ڕۆژدا کامەرانی سەلما، سەوسەن گوڵدانچی گواستەوە.سەوسەن سووربوو لەسەر ئەوەی کە شەوی یەکەمی زەماوەند و پێکەوە خەوتنیان لە ژوورەکەی خۆی لە قاتی سەرەوەدا و لەبەردەم باڵندەکاندابێت)) (عەلی،٢٠٠٩، ٢٥٢).ئەمەش تەواو لە وێنەکەی لای شکسپیر دەچێت و پێمان وایە خۆی دووبارە کردۆتەوە.

ئەوەی کەپێویستە ئاماژەی پێبدەین لەم خاڵەدا ئەوەیە کە لە شانۆگەرییەکەدا، ئەو دووکەسەی کە بەخت یاوەریان نابێت و ناتوانن ببنە هاوسەری پۆرشیا تەنها هۆکار نەدۆزینەوەی وێنەکەو هەڵنەبژاردنی سندووقە ڕاستەکەیە، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا هۆکاری تر دەبینین، یەکێك لە خوازبێنیکەرەکان کە (مەنسور ئەسرین)ە دوای ئەنجامدانی گەشتەکەی و گەڕانەوەی بەهۆی گۆڕانی تێڕوانین و ئاسۆی بیرکردنەوەی لە ژیان و لە جیهان، ڕاوبۆچوونی دەگۆڕێت لە نامەیەکدا بۆ سەوسەن فیکرەت وازهێنانی خۆی لە هاوسەرگیری لەگەڵیدا و دووبارە سەفەرکردنی بۆ جیهان پێ ڕادەگەیەنێت وەك دەڵێت: (( من بڕیاری کۆتایی خۆمدا کە بڕۆم و درێژە بەو سەفەرەبدەم کە چەند ساڵ لەمەوبەر دەستم پێکرد... ئەو ساڵانی کۆچە منیان کرد بە گەڕیدەیەکی تەواو، من بووم بە دونیا ناسێکی بێسەرەوت، بووم بەکەسێك ناتوانێت لە جێگایەکدا بمێنێتەوە))(عەلی،٢٣٣،٢٠٠٩) تا لەکۆتایی ناکەکەیدا دان بە وازهێنانی خۆیدا دەنێت و بۆی دەنووسێت : ((هیوادارم لەگەڵ یەکێك لە داخوازەکانی تردا ئاسودە بژیت... هیوادارم هەرپیاوێك تۆ هەڵدەبژێرێت ڕێزی ئەو خەیاڵە گەورانەت بگرێت. من ماڵاوایت لێدەکەم)) (عەلی،٢٠٠٩، ٢٣٧) یەکێکیتریشیان کە( خالید ئاموون)ە هەرچەندە دەگەڕێتەوەو باڵندەکانیش لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە، بەڵام سەوسەن بەنامەیەك کە بە( نەبیل)ی پورزایدا بۆی دەنێرێت ئەوەی پێ ڕادەگەیەنێت کە ناتوانێت لەگەڵ ئەودا هاوسەرگیری بکات و بۆی دەنووسێت: (( زۆر بەڕێز خالید ئاموون ، نزیکی هەشت ساڵ لەمەوبەر بەر لەوەی ئێوە بڕۆن بۆ سەفەر، بە هەمووتانم ڕاگەیاند کە دوای ساڵانی دوورودرێژی سەفەر من دەتوانم تەنیا شوو بە یەکێکتان بکەم،...هەستدەکەم من و تۆ پێکەوە بەختەوەر نابین... من تامردن ڕێزێکی گەورەم بۆ ماندووبوون و ئازایەتی تۆ هەیە)) (عەلی،٢٠٠٩، ٢٤٣) تا لەکۆتاییدا بۆی دەنووسێت : (( زۆرم پێ ناخۆشە کە ناتوانم بەختەوەرت بکەم. هیوادارم ژیان لە داهاتوودا زۆر کامەرانی گەورەو سەرکەوتنی گەورەت پێ ببەخشێ، لەدڵەوە هیوای خۆشبەختیت بۆ دەخوازم... گەر بە هاوڕێیەکی خۆشت قەبوولمبکەیت کامەران دەبم..ز سەوسەن فیکرەت)) (عەلی،٢٣٧،٢٠٠٩).

ئەمە سەرەڕای ئەو جیاوازییە سەرەکییەی کە لە خاوەندارێتی مەرجەکاندا هەیە، لە بازرگانی ڤینیسیادا مەرجەکە لەلایەن باوکییەوە بۆ کچەکەی دانراوە و خۆی هیچ دەسەڵاتێکی نییە لەو کارەدا، بەڵام لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا خودی کچەکە مەرجەکە دادەنێت و باوکی گەرچی لە ژیانیشدایە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو کارەوە.

کەواتە دەبینین لەڕۆمانەکەدا وێنەکان بەجۆرێکیتر دەرکەوتون و دوورن لەو شێوازی ڕوودانی ڕووداوەکان لە شانۆگەرییەکەی شکسپیریدا، ئەمەش بەبڕوای ئێمە ئامادەیی شانۆگەرییەکە دەسەلمێنێت لە ڕۆمانەکەدا لەلایەك و لەلایەکیتریشەوە لێهاتووی نووسەر دەردەخات لەچنینی ڕووداوەکان و ڕۆمانەکەشی بەرەو بەرەو دەقئاوێزانێکی ناڕاستەوخۆ و سنووردار بردووە.

**٦- تایبەتمەندی هەندێك لە کاراکتەرەکان:**

لە هەردوو دەقەکەدا هەست بە نزیکی تایبەتمەندی هەندێك لە کاراکتەرەکان دەکەین کە ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات بگەینە ئەو بڕوایەی کە تایبەتمەندی هەندێك لە کاراکتەرەکانی شانۆگەرییەکە بەخشراوە بە کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە. بۆنمونە پاشای مەراکیش کە یەکێك بوو لە داخوازیکەرەکانی پۆرشیا، کەسێکی ڕەشپێست بوو واتە خاوەن ڕووخسارێکی جوان نەبوو ئەو خۆشی لە ناو دەقەکەدا دان بەوەدا دەنێت کە کەسێکی جوان نییە (( Mislike me not for my complexion,The shadowed livery of the burnished sun, To whom Iam a neighbor and near bred. Bring me the fairest creature northwardborn.)) (Shakespeare,١٩٥٣,١٩) , بە ڕوخسارمدا تیمەکەوە، ئەم دەمووچاوە سووتاوەی کە لەبەر خۆردا وای لێهاتووە شایانی جوانترین لەدایکبووی هەموو جیهانم،بەڵکو من کەسێکی ڕۆشنبیرم و شایانی شۆخ و شەنگترین لەدایکبووی باکورم.

بەهەمانشێوە لە دەقەکەی بەختیار عەلیشدا کاراکتەری خالید ئاموونی یەکێك لە خوازبێنیکەرانی سەوسەنیش کەسێکی جوان نەبووەو ئەویش لە ناو ڕۆمانەکەدا ئەمە دەردەخات کاتێك دەڵێت: (( ئێستا دەزانێت من پیاوێکی جوان نیم، ئەوە نیم کە ئەو خەوی پێوە دەبینێت)) (عەلی، ٢٠٠٩ ،٧٤) ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەکچۆن پاشای مەراکیش خاوەن کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزە و پاشای وڵاتێکە، خالید ئامونیش لە عەشیرەتی گەورەی ئاموونەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باشی هەیە: ((سەوسەن خان...من کوڕی عەشرەتی ئاموونم، ئەوان دەزانن تۆ چ داواکارێکی زۆرت هەیە ... من تکام لە ئاموونییەکان کرد پشتم بگرن، چونکە بۆ یەکەمجارە لە ژیانمدا عاشق دەبم...)) (عەلی،٢٠٠٩، ٧٥) .

سەبارەت بە دوو کاراکتەری ( پۆرشیا) و ( سەوسەن)یش، ئەوە دەبینین کە لێکچوونێکی زۆر هەیە لە بیرکردنەوەیاندا ، هەروەك چۆن پۆرشیا گرنگی بە سەروەت و سامانی هیچ کام لە خوازبێنیکەرەکانی نەدەدا ئەمەش ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بوویێت کە خۆی سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ مابووەوەو پێویستی پێی نەبوو بۆیە دەبینین کاتێك هەواڵی دادگایی کردنی ئەنتۆنیۆ دەبیستێت بەهۆی نەدانەوەی قەرزەکەی کەبۆ بەسانیۆی کردبوو لەکاتی خۆیدا، بە بەسانیۆ دەڵێت:

(( PORTIA What sumowes he the jew?
BASSANIO For me, three thousand ducats.
PORTIA What, no more?
Pay him six thousand, and deface the bond; Doble six
thousand, and then treble that, ... Shall lose a hair through
Bassanios fault)) (Shakespeare١٩٥٣,٥٣-٥٤)

چەندی بەرامبەر بە جولەکەکە لەسەرە بیداتەوە.

بەسانیۆ: دەبێت سێ هەزار دۆقییە کە من وەرم گرتووە، بیداتەوە.

پۆرشیا: ئەوە هەموویەتی؟ شەش هەزاری بۆ دەگەڕێنەوە و ئەو بەڵێننامەیە بدڕێنێت یان سێ بەرامبەری دەدەمێ بەرامبەر تاڵە قژێکی هاوڕێکەت ، بەڵکو زیاتر بەدوای حەزی خۆیەوە بوو وەپڕبەدڵ لەناو سەرجەم خوازبێنیکەرەکانیدا حەزیدەکرد کە (بەسانیۆ) وێنەکە بدۆزێتەوە، هەرچەندە بەهۆی مەرجەکەوە کە باوکی دایناببوو هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو لەهەڵبژاردنی یەکێك لە داواکارەکانی. هەمان ئەم دۆخەش لای سەوسەن فیکرەت دەبینین کە ئەویش پارەو موڵك و ماڵی خوازبێنیکەرەکان بەلایەوە جێگەی بایەخ نەبوو،هیچ پرسیارێکی لەو بارەیەوە لەکەسیان نەکرد وەك لە ڕۆمانەکەدا

هاتووە ((هیچ پرسیارێکی ڕاستەوخۆی دەربارەی سامان و ماڵ و خانووی جیا و زێڕ و ئەو شتانەی لێ نەکرد... )) (عەلی٢٠٠٩، ٧٧)

هەرچی دوو کاراکتەری ( بەسانیۆ) و (کامەران)ە دەبینین وەکچۆن لە شانۆگەرییەکەدا وا پیشاندراوە کە (بەسانیۆ) کە سێکی گەنجی قۆزە، خاوەنی سەروەت و سامانێکی وا نییە کە شایانی باسکردنێت، تەنانەت گەشتەکەشی بۆ گەیشتن بە پۆرشیا، بەهۆی یارمەتی ماددی (ئەنتۆنیۆ)ی هاوڕێیەوە ئەنجامداوە، کەیەکێك بوو لە بازرگانەکانی ڤینیسیا پێی دەڵێت:(( Thou knowst that all my fortunes are at sea; Neither have Imony, nor commodity To raise a present sum: therefore, go forth; Try what my credit can in Venice do: That shall be racked, even to the uttermost, To furnish thee to Belmont, to fair Portia. Go presently inquire, and so will I)) ( Shakespeare,١٩٥٣,٨)خۆت دەزانیت من زۆر دەوڵەمەندم، لەئێستادا هەموو سامانەکەم لە دەریادایە، هیچم بەدەستەوە نییە تاکو یارمەتیت بدەم، بەڵام دەبینیت چیت بۆ دەکەم لە ڤینیسیادا، دەتگەیەنمە ئەو شوێنەی کە پۆرشیای لێیە، لیم مەپرسە چۆن، خۆت بەمن بسپێرە، متمانەت پێم هەبێت ، دەسخەڕۆت ناکەم.

لەڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکانیشدا دەبینین (کامەرانی سەلما) گەنجێکی قۆزی هەژارە ئەو گەشتە درێژەشی کە لە پێناو گەیشتن بە سەوسەن فیکرەتدا ئەنجامی دەدات بە پاڵپشتی و هاوکاری ( مەنگوڕی بابەگەورەی) هاوڕێیەوە بووە کە پاڵپشتی کردووە لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە. مەنگوڕی باباگەورە، لە دایلۆگێکی ناو ڕۆمانەکەدا بەمجۆر باسی کامەران دەکات ((کە لەبەر دەرگاکە سەیرمکردەوە بە جۆرێك جوان و بۆشناخ بوو، دڵنیابووم قۆزێتییەکەی لەو جۆرەیە ژنان لە هەموو گوناهێکی دەبوورن)) (عەلی، ٢٠٠٩، ٧٩-٨٠)

## ٧- وێنەی کاراکتەرە کچەکە:

هەروەك لە درێژەی خاڵەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێداو ڕوونمانکردەوە کە لە شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیادا، وێنەی کاراکتەرە( پۆرشیا) لەناو یەکێك لە سێ سندووقەکاندا هەبوو، مەرجی هاوسەرگیرییەکەش ئەوەبوو کە خوازبێنیکارەکە ئەو وێنەیە بدۆزێتەوە و لەکۆتاییشدا بەسانیۆ دەیدۆزێتەوە.

ئەم بیرۆکەیە بەشێوەیکی تر لە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلیدا دەبینین کە هەمان بیرۆکەی ناو شانۆگەرییەکەی شکسپیرەو لەم ڕۆمانەدا خۆی دەنوێنێتەوە بەڵام بەشێوەیەکیتر، (سەوسەن فیکرەت) لەڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا دوای ئەوەی کە هەرسێ خوازبێنیکارەکە دەبینێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات و لەسەر مەرجەکان پێکدێن، هەریەکەیان زەرفێکیان دەداتێ کە ناوی کۆمەڵێك باڵندە و وێنەیەکی خۆی و چەند نەخشەیەکی تێدایە: (( شتێك لە نیگەرانی و توڕەیی هەمووانی داگرتبوو، هەر قسەیەك دەکرا پڕبوو لە گومانی خراپ ئەوەی هەر داواکارێك زەرفێکی تایبەتی وەرگرتووە کە وێنەیەکی سەوسەن و ناوی کۆمەڵێك باڵندەی سەیرو ناوازەی لەگەڵ کۆمەڵێك نەخشەدا تێدایە، هەموومانی ساکاند. هەرداواکارە دەبایە نوێنەرێك راسپێرێت لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا وێنەو هەواڵی ئەو بە سەوسەن بگەیەنێت)) ( عەلی،١٠٢،٢٠٠٩).

هێنانەوەی وێنەی کاراکتەرە کچەکەی نێو شانۆگەرییەکە بۆ ناو ڕۆمانەکە، ئەوەمان پێدەڵێت کە بەختیار عەلی لەپاڵ ئەو ئامادەییانەی کە پێشتر باسمانکردن ئەم دیمەنەشی دووبارە کردۆتەوە بەشێوەیەکی پێچەوانە، چونکە لە شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیادا تەنها یەك وێنەی پۆرشیا دەبینین لە ناو یەکێك لە باوەڵەکاندا و خوازبێنیکار پێویستە بە زیرەکی خۆی بیدۆزێتەوەو خاڵی سەرەکی و گرنگی یەکلایکردنەوەی گرەوەکەشە، بەڵام لای بەختیار عەلی وانییە، بیرۆکەی وێنەی کاراکتەرە کچەکە وەرگیراوەو دووبارەبۆتەوە، بەڵام لەبری یەك وێنە، سێ وێنەی کچەکە بوونی هەیە، لەناو باوەڵیشدا نەشاردراوەتەوە، بەڵکو بە ئاشکرا و لە ناو زەرفێکدان و دەدرێنە دەست داواکارەکان و لەڕۆمانەکەشدا وەك مەرجێك نابینرێت، بەڵکە مەرجە سەرەکییەکە پەیداکردن و هێنانەوەی باڵندەکانە. کەواتە دەتوانین بڵێین: لێرەشدا بەختیار عەلی توانیویتی بیرۆکەکە بخاتە خزمەت دەوڵەندکردنی ڕۆمانەکەیەوە بەشێوەیەکی هونەریانە سەرکەوتووبووە لە بەکارهێنانیدا ئەمەش وەك جۆری دەقئاوێزانی ناڕاستەخۆی پۆزەتیف دەردەکەوێت.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان بەدەستهێناوە:

1. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و سنووردار ڕەنگدانەوەی شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیا لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا دەبینین.
2. لەبەشێکی دیمەنەکانی ڕۆمانەکەی بەختیار عەلید ئامادەییەکی سنوورداری شانۆگەرییەکەی شکسپیر دەبینین بەرەچاوکردنی لێهاتووانەی توانای نووسەری ڕۆمانەکە لە دارشتنی دیمەنەکان پاراستنی سەربەخۆیی خۆی لە چنینی دیمەن و دایالۆگەکاندا.
3. بەختیار عەلی سەرکەوتوانە مامەڵەی لەگەڵ بابەتی ئامادەیی و ڕەنگدانەوەی دەق یەکەمدا کردووەو، دەقەکەی ئەم نەبۆتە کۆپییەکەی دەقی یەکەم، توانیویتی توانای خۆی وەك نووسەری ڕۆمانەکە بۆ خوێنەران دەربخات .
4. دەقئاوێزانی ناڕاستەوخۆی پۆزەتیف دەبینین لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا، ئەویش لە ڕێگەی بوونی بیرۆکەکە لە دەقی یەکەمداو ڕەنگدانەوەی بە شێوەیەکی جیاواز لە دەقی دووەمدا وەك ئەوەی کە لە زۆربەی دیمەنەکاندا و بەتایبەت لە خاڵی( ٣) باسمانکردووە.

## سەرچاوەکان:


حسێن، شنۆ محەمەد مەحمود، ٢٠١٢، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نمونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

عەزیز، سامان جەلال ،٢٠١٤، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.

عەلی،بەختیار،٢٠٠٩، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان،ڕۆمان، چاپخانەی کارۆ.

قادر،ئاوارە فەرەیدون ، ٢٠١١، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.

بوخاتم, د.مولاي علي, 2005,مصطلحات النقد العربي السيميائي, الاشكالية و الاصول و الامتداد,اتحاد كتاب العرب, دمشق.

الزعبي, د. احمد, 1995, التناص نظريا و تطبيقا, مكتبة الكتابي,ط1 , اربد, الاردن.

عزام, محمد, 2001, النص الغائب- تجليات التناص في الشعر العربي ،منشورات اتحاد كتاب العرب،دمشق.

محبك، احمد زياد، مفهوم التناص عند جيرار جينيت، http://www.alkalimah.net
محمد، د.اواز محمود، ٢٠١٢،التناص في شعر صلاح عبد الصبور, الطبعة الاولى، مطبعة گوڵه نێرگز،السليمانية.
المغربي، حافظ,٢٠١٠، اشكال التناص و تحولات الخطاب الشعري الماصر, ط1, الانتشار العربي.
المناصره، عزالدين ،٢٠٠٦،علم التناص المقارن، نحو منهج عنكبوتي تفاعلي، ط١ ،جامعه فيلاد لفيا.
ناهم، د.احمد ، ٢٠٠٤،التناص في شعر الرواد ,ط1, دار الشؤون الثقافة العامة, بغداد.
وعدالله, ليديا,2005, التناص المعرفي في شعر عزالدين المناصرة, ط1,دارمجدلاوي للنشر والتوزيع,عمان, الاردن.

A.W.VERITY,1953, THE MERCHANT OF VENICE, SHAKESPEARE, CAMBRIDGE, AT THE UNIVERSITY PRESS.